# جوگرافیای کشتوکاڵ

پ.ی. هدیە محمد أحمد
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان
ساڵی خوێندنی 2022-2023

# بابەتەکان



- پێناسـەی جوگرافیای کشتوکـاڵ
- تایبەتمەندیەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی
- پۆلینکردنی بەرهەمـی کشـتوکاڵی
- شـێوازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی
- پەیوەندی جوگرافیای کشتوکاڵ بەزانستی دیکە
- هۆکـاری **سروشتی** کاریگەر لەسەر کشتوکاڵ
- هۆکـاری **زیندەگی** کاریگەر لەسەر کشتوکاڵ
- هۆکـاری **مرۆیی** کاریگەر لەسـەر کشتوکاڵ

# الجغرافية الزراعية

## الكتاب الأول

## الظواهر الزراعية وعوامل تباينها

تأليف

الدكتور علي محمد المياح

استاذ الجغرافية


كلية الآداب ـ جامعة بغداد


ساعدت جامعة بغداد على طبعه


رقم تسلسل التعضيد ٩٢ للسنة الدراسية ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦

مطبعة الارشاد ـ بغداد

١٣٩٦هـ ـ ١٩٧٦م


الدكتور
يوسف عبد المجيد فايد
علاء الخضرى
جغرافية
المناخ والنبات
دار الفكر العربي


الجغرافية الحيوية
الدكتور حسن أبو سمور
قسم الجغرافية - الجامعة الأردنية


کتێبی سەنتەری برایەتی
-٣-
دهۆک
هەولێر
سلێمانی
کەرکوک
جیۆگرافیای
هەرێمی کوردستانی
عێراق

# جوگرافیای کشتوکاڵ

جوگرافیای کشتوکاڵ لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی، و بەشێکی گرنگی جوگرافیای ئابوورییە، چونکە کشتوکاڵ یەکەم چالاکی ئابوورییە مرۆڤ ئەنجامی داوە، هەروەها کشتوکاڵ فاکتەری سەرەکی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و سەرهەڵدانی شارستانیەتەکان بووە.

هەروەها گرنگی جوگرافیای کشتوکاڵ لەگرنگی خودی کشتوکاڵ بۆ مرۆڤایەتی رەنگدەداتەوە.

# پێناسەی جوگرافیای کشتوکاڵ

ئەو لقەی جوگرافیایە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەو بارودۆخە جوگرافیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر دابەشبوونی چالاکی کشتوکاڵی لەسەر زەوی، لەگەڵ گرنگیدان بە زانیاری جوگرافی پەیوەست بەژینگە.

هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دیاردە سروشتی و مرۆییانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی (رووەکی و ئاژەڵی) و دەبنە مایەی جیاوازی شوێنی و کاتیی چالاکی کشتوکاڵی.

# واته جوگرافیای کشتوکاڵ

تیشك دەخاتە سەر کاریگەری هۆکارە جوگرافیەکان (سروشتی، زیندەگی، مرۆیی) لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی.

# تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی



بەرهەمی کشتوکاڵی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە:

1- پەیوەستبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی بە کاتەوە.

2- پەیوەستبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی بە بارودۆخی ژینگەوە.

3- جیاوازی بەرهەمی کشتوکاڵی لە رووی پێداویستییەکان.

# پۆلینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی



بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلین دەکرێت:

- بەرهەمهێنانی ئاژەڵی/ سامانی ئاژەڵی
- بەرهەمهێنانی رووەکی/ سامانی رووەکی

# سامانی ئاژەڵی



سامانی ئاژەڵی بریتیە لەو ئاژەڵ و باڵندە و مێرولە و ماسی و زیندەوەرە ئاوییانەی لە سنوورێکی دیارکراودا دەژین.

بەڵام بەرهەمی ئاژەڵی، وەك بەشێك لە بەرهەمی کشتوکاڵی بریتیە لەو ئاژەڵ و باڵندە و مێرولە و ماسی و زیندەوەرە ئاوییانەی لە شوێنی دیارکراو بەخێو دەکرێن وەك مانگا و مەڕ و مریشك و ماسی.

بۆ نموونە ماسی ناو ئاوی رووبار و دەریاچە و دەریا و زەریاکان سامانێکی ئاژەڵییە بۆیە پێی دەڵێین سامانی ماسی، بەڵام کاتێك ماسی لەناو حەوزی دیارکراو بەخێو دەکرێت دەبێتە بەرهەمێکی کشتوکاڵی ئاژەڵی، کە ناسراوە بە کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی

گرنگی سامانی ئاژەڵ لەوەدایە سەرچاوەی دابینکردنی شیر و گۆشت و هێلکە و سوفە، وێرای ئەوەی بۆ کاری گواستنەوە و کشتوکاڵکردنیش بەکاردێت.

## گرنگترین پێکهاتەی سامانی ئاژەڵی ئەمانەن:

- ماسی (زیندەوەرە ئاوییەکان)
- ڕەشەوڵاغ (مانگا، مەڕ، بزن)
- پەلەوەر (مریشك، قەل)
- مێرولەی بەسوود (هەنگ)

# سامانی ڕووەکی

- ڕووەکی خۆڕســــــك
- بەروبومی کشتوکاڵی

# بەروبومی کشتوکاڵی



ئەو رووەکانەی دەچێندرێن بۆ درویێنە و سوودلێوەرگرتن لێیان لە خۆراکی مرۆڤ یان ئاژەڵ یان پیشەسازی و پێداویستی دیکە.

گرنگی سامانی رووەکی لەوەدایە سەرچاوەی دابینکردنی خۆراکە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەکان و دەرامەتێکی گرنگی پیشەسازییەکانیشە.

# پۆلینکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی



## لەرووی کاتی چاندن:

- بەروبوومی هاوینە: وەك برنج، گەنمەشامی، پەتاتە، شفتی.
- بەروبوومی زستانە: وەك گەنم، نیسك، جۆ.

# له رووی بەکارهێنانەوە:

1- دانەوێلە (گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی)
2- پاقلەمەنی (پاقلّە، نیسك، فاسولیا، لۆبیا)
3- میوە (ترێ، هەنجیر، مۆز، سێو)
4- سەوزەوات (بیبەر، تەماتە، پەتاتە، خیار)

5- بـــــــەروبوومـــــــی زەیتی (کونجی، گوڵەبەرۆژە، کەتان)

6- بەروبوومی شەکرەمەنی (شەوەندەر و قەسەبی شەکر)

7- بەروبوومی ئـــــالیك (گزن، شۆفان، پاشـــــماوەی بەروبوومی دانەوێڵە و پاوانەکان)

8- بەروبوومی پیشەسازی/ نەختینە (لۆکە، قاوە، چا، توتن)

# شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی



1- شێوازی کشتوکاڵی جوڵاو/گواستراوە
2- شێوازی چاندنی خۆبژێوی
3- شێوازی کشتوکاڵی چڕ
4- شێوازی کشتوکاڵی فراوان
5- شێوازی کشتوکاڵی تێکەڵاو
6- شێوازی کشتوکاڵی پسپۆڕیی

# شێوازی کشتوکاڵی جولاو/ گواستراوە



لەم شێوازە مرۆڤ تەنها زەوی دەکێلێت و دەیچێنێت لەسەر شێوازی سەرەتایی بێ رەچاوکردنی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، بەردەوام دەبێ لەسەر چاندن تا زەویەکە لاواز دەبێ پاشان جوتیار بەرەو زەویەکی دیکە دەڕوات.

ئەم جـــــــــۆرە شێوازە لەناوچەی دارستانە خولگەییە چڕەکان هەیە کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە.

# شێوازی چاندنی خۆبژێوی

مەبەستی سەرەکی لەم شێوازە بەرهەمهێنانە بەمەبەستی خۆبژێوی، واتـــه دابینکردنی پێداویستیەکانی نـــــاوەخۆ، بەشێوەیەکی گشتی لەم شێوازە ژمارەی دانیشتوان کەمە و رووبەری زەوییەکان بچوکن.

# شێوازی کشتوکاڵی چڕ



بریتیە لەو چاندنەی بەهەمان شێوەی خۆبژێوی، بەڵام بەشێوەیەکی چڕتر. وەك لە هەرێمە خولگەیی و نیمچە خولگەییەکان، و بەچڕی لەو ناوچانەی کەبارانی وەرزیان تێدا هەیە وەك باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، و لەناوچەی دەلتای نیل، و ئەو ناوچانەی ئاوی ئاودێریان زۆرە لە هەرێمەکانی دەریای ناوەراست.

ئەم جۆرە چاندنە نزیکەی (٪30) رووبەری زەوییە کشـــتوکاڵیەکانی جیهان پێکدێنێت، هۆکاری سەرەکی پەیرەوکردنی ئەم جۆرە کشتوکاڵەش زۆری ژمارەی دانیشتووانە.

# شێوازی کشتوکاڵی فراوان



ئەم جۆرە شێوازەی کشتوکاڵ لەجیهان دا پەیڕەو دەکرێت، بەتایبەتی لەکیشوەرە نوێیەکان (هەردوو ئەمریکا و ئوسترالیا) بەهۆی بوونی رووبەری فراوان لەزەوی شیاو بۆ کشتوکاڵکردن لەگەڵ کەمی ژمارەی دانیشتوان، بۆیە پەنا دەبرێتەبەر ئامێرە کشتوکاڵیەکان بۆ کردارەکانی کشتوکاڵکردن وەك کێڵان و تۆکردن و دروێنە و هەتا پەین کردنیش.

ئەم جۆرە کشتوکاڵکردنە سەرکەوتوو بووە لە بەرهەمهێنانی گەنم و گەنمەشامی و لۆکە. مەبەستی سەرەکی چاندن لەم شێوازە ناردنە دەرەوەیە بەشێوەیەکی بازرگانی، جگە لەدابینکردنی پێداویستی ناوەخۆیی، هەروەها ئاستی بژێوی ژیانی ئەم ناوچانە بەرزترە لەئاستی بژێوی ناوچەکانی دیکە لەبەر زۆری داهاتی کشتوکاڵی و کەمی ژمارەی دانیشتووان.

# شێوازی كشتوكاڵی تێكەڵاو



لەدوو شێوازی دیكەی كشتوكاڵكردن پێكدێت، ئەوانیش كشتوكاڵی فراوان بەمەبەستی بازرگانی هەروەها كشتوكاڵی خـــــــۆبژێوی، لەگـــــــەڵ پشتبەستن بەبەخێوكردنی ئاژەڵ، وەك ناوچەكانی خۆرئاوای ئەوروپا و ئۆكرانیا و ولاٌتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و باشوری بەرازیل و ئەفریقیای باشور.

# شێوازی کشتوکاڵی پسپۆڕیی



ئەم جۆرە شێوازەی کشتوکاڵکردن کە تیایدا جەخت دەکرێتەوە لە بەرهەمهێنانی جۆرێك یان چەند جۆرێکی دیارکراو لە بەروبوومی ئابوریی بەمەبەستی بازرگانی، واتە زەوییەکە تەنها تەرخان دەکرێت بۆ چاندنی ئەم جۆرە بەرهەمە کشتوکاڵیە.

ئەم شێوازەش زیاتر لە بەرهەمی ئاژەڵی رەنگدەداتەوە کە زیاتر بەخێوکردنی جۆرێکی دیارکراو لە ئاژەڵ یان باڵندە یان مێرولە یان ماسی، وەك بەخێوکردنی پەلەوەر یان ماسی یان هەنگ.

هەروەها کێڵگەکانی سەوزەوات و میوە لەو ناوچانەی ئاووهەوای دەریـــــای ناوەڕاستی هەیە، وەك نـــــاوچەکانی باشور و باشوری خۆرهەڵاتی ئەوروپا.

# پەیوەندی جوگرافیای کشتوکاڵ بەزانستی دیکە



جوگرافیای کشتوکاڵ وەك لقێکی گرنگی جوگرافیای مرۆیی و جوگرافیای ئابوری، پەیوەندی بە چەندین زانست و بابەتی دیکە هەیە، لەوانە:

<u>زانستە جوگرافییەکان:</u>

چونکە ئامرازی لێکۆڵینەوەن بۆ دیارخستنی هۆکاری کاریگەر لەسەر کشتوکاڵ.

## زانستی ئابووریناسی:

چونکە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی خستنەڕوو و داواکاری و بازاڕە جیهانییەکان.

## زانستە سیاسییەکان:

چونکە سیاسەت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی وڵاتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە چالاکی کشتوکاڵی.

## زانستی دانیشتوان:

چونکه دانیشتوان خۆیان بەرهەمهێنەر و بەکاربەرن، هەروەها ئاستی بژێوی دانیشتوان و بارودۆخی کۆمەڵایەتیان و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیان کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە بواری جوگرافیای کشتوکاڵە.

هەروەها جوگرافیای کشتوکاڵ پەیوەندی هەیە بەزانستەکانی:

خـــــــاك و ئابوریی کشتوکاڵی و بایۆلۆجی و زانستی ئاژەڵ و زانستە ئەندازەیەکان وەك ئەندازەی ئاودێری و ئامێرسازی کشتوکاڵی.

# هۆکاری کاریگەر لەسەر کشتوکاڵ



- هۆکاری سروشتی
- هۆکاری زیندەگی
- هۆکـــاری مرۆیی